# نابێت ژن و پزیشك و هەڵبجەیی سەر بە ڕێکخستنی ( ی.ن.ك ) بن !!

دکتور فایق محەمەد گولبی

بەڕێزینە من خەڵکی ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستانم کە سەر بە قەزای هەڵبجەیە ، پیشەم پزیشك بوو ، ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەی ئەو حزبە بووم . لە ناو ڕیزی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی ی.ن.ك دا بۆ ماوەیەك خزمەتی گەلی خۆمم کردووە . زۆڵم و زۆری ئەو حزبە کۆنە مارکسیە و تازە سۆسیالْ دیموکراتە لە بەرامبەر پێکهاتە ڕەگەزی ( ژنان ) وناوچەیی( هەڵبجەیی ) و پیشەیی( پزیشك ) کاندا کە بە چاوی خۆم دیومە و دەیبینم ، وای لێکردم ساڵی 2002 لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی جەمەوەردا وتم ژن و دکتۆر و هەڵبجەیی نابیَ یەکێتی بن .

ڕووداوەکەی ڕۆژی 16-3-2006 کە تیایدا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش تەقەیان لە ڕیپێوانە مەدەنیەکەی خەڵکی هەڵبجە کرد و شەهید ێك و دە بریندارى لێکەوتەوە ، قسەکەی چوار ساڵ لەمەوبەری خۆمم بیرکەوتەوە . بەڵام با بزانین ئەو هۆکارانە چین کە لە پشتی ئەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنەی منەوە وەستاون .

* مەسەلەی ژن : ی.ن.ك حزبێکی مارکسی پێشکەوتنخوازبوو ، بە قسە بڕوای بە مافی ژن هەبوو ، بەڵام بە کردەوە دژی سیاسی بوونی ژن بوو ، مام جەلال بۆ خۆی هەندیَ جار بۆچوونی پێشکەوتنخوازی لەسەر مافی ژنان لە لا گەلاڵە دەبوو ، بەڵام بۆچوونەکانی لە سنورێکی تەسك و کاتێکی کەمدا دەمایەوە و نەدەبوویە بڕیار و بە شێوەیەکی ڕێکخستنی کاری پێنەدەکرا . لە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی ی.ن.ك دا چەندان کچ و ژنی چالاك کاریان دەکرد ، بەڵام کە نزیکی خەباتی پێشمەرگایەتی و خەباتی سیاسی دەبوونەوە ، پیاوەکان هێڵی سووریان بۆ دادەنان ، کچ و ژنەکانیش ، ناچار یان شوویان دەکرد ، یان دەچوونە دەرەوەی وڵات ،یان بە ناچاری دەگەڕانەوە ناو شار و ملکەچی ژیانی ڕۆتینی جارانیان دەبوونەوە . ئەو کاتانەی کە لە شاخ بووین هێزی ی.ن.ك لە هێزی هەموو حزبەکانی تری شۆڕشی گەلی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر بوو ، بەڵام ژمارەی پێشمەرگەی ژن لە ڕیزی حزبی شیوعی عێراق و حزبی دیموکراتی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە چاو ی.ن.ك دا زۆر بوو، لە ناو ڕیزی ئەو حزبانەدا چەندان کادری سیاسی و ئیداری ژن کاریان دەکرد ، بەڵام یەکێتی دەرفەتی کاری سیاسی و ئیداری بۆ ژنان نەدەڕەخساند و ئاستەنگی جدی بۆ درووست دەکردن . دوای ڕاپەڕینیش تا ئەمڕۆ لە سەرکردایەتی ی.ن.ك.دا ژنێك نابینی ، کەچی لە ناو ڕیزی زۆربەی حزبەکانی تری کوردستاندا (سۆسیالْ دیموکراتیش نین ) چەندان ژن وەك سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی شوێنی شایستەی خۆیانیان گرتووە . بەرپرسە مارکسیەکانی ی.ن.ك کە لە شاخ بوون گاڵتەیان بە بەرپرسی ئەو حزبانە دەکرد کە زیاتر لە ژنێکیان هێنابوو . کەچی لە دوای ڕاپەڕین وەك پێشمەرگایەتیان بۆ فرەژنی کردبێت ژمارەیەك لە سەرکردەکانیان بوونە خاوەنی چەند ژنێك ، یان ژنی کۆنیان تەڵاقدا و ژنی نوێیان هێنا . بە شێوەیەك کە لە ئاهەنگی ڕۆژی جەژنی ژنانی جهاندا (8-3-2006 ) کە لە مەڵبەندی سلێمانی بەڕێوەچوو ، چەند پیاوێك لە گەڵ ژنی نوێیاندا بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشتکرابوون ، یەك دوو لە ژنە کۆنەکانیشیان لەو ئاهەنگەدا ئامادەبوون .ئەم هۆکارانەی سەرەوە منی گەیاندە ئەو باوەڕەی مادام هەڵوێستی ئەو حزبە لە بەرامبەر ماف و ئازادی ژناندا وابێت هەر ژنێك ئەندامی ئەو حزبە بێت ئەوە لە گەوهەری ڕاستینەی ژنەوە دوورە و خاوەنی هووشیاری ڕەگەزی نیە و ڕاست و چەپی خۆی نازانێت ، بۆیە ڕاست وایە هەرژنێك تا ئێستە لەم هەڵوێستە چەواشەکاریەی ی.ن.ك بیَ ئاگایە ئەگەر بە ڕاستی بۆ ڕەگەزی ژن خەبات دەکات نابیَ لە ڕیزی ئەو حزبەدا خەبات بکات .

2. دکتور و ی.ن.ك : لە ساڵانی هەشتاکان بە دواوە بە شێوەیەکی گشتی ئەم حزبە بە ناو نوێخوازە لە ناو ڕیزەکانیدا بە بەردەوامی دەیان پزیشك و و یاریدەدەری پزیشك خەباتی تەندرووستیان بەڕێوەبردووە ،وەك پزیشك و کادری پزیشکی چارەسەری برین و نەخۆشیپێشمەرگە و جەماوەری ناوچە ڕزگارکراوەکانیان کردووە .وەك کادری سیاسی و پێشمەرگە ئەم توێژە هەستیارەی کومەڵگا دەوری گرنگیان بووە و چەندان کەسیان لە سەنگەردا لێشەهید بووە .ئەوە مەپرسە بەرپرسە نەخوێندەوارەکان چەند لەم توێژە دەترسان و چۆن دژایەتیان دەکردن و چۆن بۆسەی جۆراوجۆریان بۆ دەنانەوە تا لە ناوبچن یان بێزاریان بکەن و سەنگەری تێکۆشان چۆڵ بکەن هەمووی لە بەر ئەوەی نەوەك شوێنی ئەوان لەق بکەن . لە گەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی پزیشکەکان خۆڕاگربوون و تا ڕاپەڕین لە سەنگەری گەلدا مانەوە . بەڵام حزبی سۆسیالْ دیموکراتی سەوز نە ناردنی بۆ خوێندن نە پۆستێکی شیاوی شایستە بە تێکۆشان و قوربانیدانی خۆیانی پێدان نە هێندەی دکتۆرێکی کۆنە بەعسی و نە هێندەی ئەو دکتورانەی کە تەمەنی مناڵیان بۆ ئیعدامکردن درێژکردەوە ، نە هێندەی ئەو دکتورانەی کە برینداارانی چەکی کیمیاوی گوندی قزلەری ساڵی 1987 تەسلیمی ڕائد تەهای سەرۆکی ئەمنی سلێمانی کردن ڕێزیان لێنەگرتن . دکتورەکانی ناو ڕیزی هێزی پێشمەرگە وەك ئاردی ناو درکی بەر ڕەشەبایان لێهات تەنها لە بەر ئەوەی ڕەخنەیان دەگرت و وەك زانست سەیری سیاسەتیان دەکرد ، نەك وەك فڕت وفێڵ ، ڕەخنەیان دەگرت و چەواشەکاریان نەدەزانی . بۆیە دەتوانین بڵێین ی.ن.ك دکتورە شۆڕشگێرەکانی جارانی خۆی ئەنفال کرد .بەڵام سەدامیش نەیتوانی بە ئەنفال کورد لە ناوبەرێت !!.

3.ی.ن.ك و هەڵبجەیی : یەکەم مەفرەزەی چەکداری شۆڕشی نویَ ئەم حزبە لە دەڤەری هەڵبجە و شارەزوور و هەورامان چاوی بە دنیای تێکۆشانی چەکداری هەڵهێنا و تەمی نائومێدی ئاسمانی کوردایەتی دوای کارەساتی 1975 ڕەواندەوە . ی.ن.ك لە سنووری هەڵبجەدا هێزی تۆکمە و ڕێکخستنی پۆڵاینی هەبوو ، شەهیدەکانی ناو زیندان و سەنگەری بەرەنگار بوونەوە ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن .ڕاپەڕینەکانی ئەم شارە لە

**دژی ڕژێمی سەدام نموونەی هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی هەڵبجەی خستۆتە ڕوو . ئەی باشە ئەگەر ئەمە مێژووی شارێکی وا قارەمان بێت ، ئەبێ بۆچی بە چاوێکی کەم بایەخ و دوور لە یاسا و ڕێسای مرۆڤ بوون لە لایەن بەرپرسانی ی.ن.ك وە سەیر بکرێت ؟ . بۆچی لە پێناوی داکۆکی کردن لە چەند بنکە و بارەگای حزبی خۆیان موجازەفە بە گیانی پاکی دەیان هەزار کەسی دانیشتوانی ئەو شارەوە دەکەن ؟ .**

**بۆچی لە کاتی داگیرکردن( یان ڕزگارکردن !! ) یدا وەك مرۆڤ هەڵسووکەوتیان لەگەڵ خەڵکەکەیدا نەکرد ؟. ئەوان دەیانزانی لە گرتنی ڕەبیەیەکدا ، ڕژێم بە چەکی کیمیاوی بوردمانی ناوچەی شەڕەکەی دەکرد ، ئەی چۆن نەیاندەزانی بە گرتنی شارێکی 60000 شەست هەزار نەفەری و ناوچەیەکی فراوانی ستراتیجی بە هاوپەیمانی لە گەڵ هێزێکی بێگانە ڕژێم بە کوشندەترین جۆری چەکی کیمیاوی بوردمانی ناکات !!؟.بۆ ڕێگەیان لە خەڵکی شارەکە گرت بچنە دەرەوە ی شار و خۆیان لە کاریگەری چەکی کیمیاوی بپارێزن ؟ ئەی کە شاری هەڵبجە بە چەکی کیمیاوی بوردمان کرا بۆ هێزەکانی ی.ن.ك هاوکاری بریندارەکانیان نەکرد تا لە مەرگ ڕزگاریان بکەن ؟ ئەوەش نا ئەی بۆچی کەوتنە تاڵانی سەروەتی بەجێماوی شەهیدەکان ؟ زۆر ئەی بۆچی تر هەن . ئەی لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمرۆ بۆچی سەرانی ی.ن.ك هەرچی لایەنی ئیسلامی لە کوردستاندا بوون لە شاری هەڵبجە و ناوچەی هەورامانیان توند کردن و خوێناوی ترین دوور و درێژترین جەولەی شەڕشی براکوژیان لەم دەڤەرەدا بەڕیوەبرد ؟ ئەی بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبجە وێرانتریت شاری کوردستانە لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەدا لە چاو ناوچە و شارەکانی تری کوردستاندا وەك شارێکی کوردستانی و عێراقی حسابی بۆ نەکراوە ؟ هێندەی شەهیدانی هەڵبجە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا جێ پەنجەیان دەرکەوتووە بزاڤەکەیان بەرەو سەرکەوتن پاڵپێوەناوە ، شەهیدانی شەڕی براکوژی بە پێچەوانەوە ڕەوڕەوەی بزاڤی پێشکەوتنی بزووتنەوەی کوردایەتیان بۆ دواوە گێراوەتەوە ، کەچی شەهیدانی هەڵبجە تا ئێستە حسابی شەهیدی سەنگەریان بۆ ناکرێت .**

**ئەمانە هەمووی لە لایەك ، بەڵام کە ڕۆژی** 2006-3-16 **لە بەرامبەر ڕێپێوانێکی جەماوەری خەڵکی ئەو شارەدا ( با هێزێکی سیاسیشی لە پشتەوەبێت ) ، ڕێپێوان خەباتێکی جەماوەری و دیموکراتیە خۆبەخۆ درووست نابێت ئەبێ حزبێك سەندیکایەکی ئۆپۆزسیۆن لە پشتیەوە بێت ، ئەم دیاردەیەش یەك لە بنەما سەرەکیەکانی سیستەمی دیمورکراسیە . لە هەڵبجەدا ی.ن.ك دەسەڵاتدارە سرووشتیە ئەگەر حزبەکانی تری کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕێپێوان ئەنجام بدەن . ناسرووشتی ئەوەیە گوللەی کەڵەشینکۆفی پۆلیس و ئاسایشی حکومەتی هەرێم ڕووی لە سنگی نەوەیەکی نوێی خەڵکی هەڵبجە بکات و شەهیدێك و دە برینداری لێکەوتەوە ، دوای ئەوەش حزبی دەسەڵاتدار( ی.ن.ك ) داوای لێبۆردنی لەو شارە بریندارە نەکرد و تا ئێستەش لە سەر سیاسەتی کەڵەگایی و ئاغایەتی و نادیموکراتی و حزبچێتی خۆی لە سەر دژایەتی کردنی خەڵکی هەڵبجەی بریندااردا سوورە ، دەگەیتە ئەو ئەنجامە کە بڵێیت نە یەکێتی نیشتمانیە و نە کورد ئینسانیە ، ئەبێ هەموو مرۆڤێکی مرۆڤی نەك مرۆڤی ئاژەڵی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە نانەتەوەییە نادیموکراتیە نامرۆڤایەتیەی ی.ن.ك دا بوەستێتەوە ، لە پێش هەموویانەوە بەرپرس و کادر و ئەندامی حزبی سەرکوتکەری هەڵبجە دەرکەون ، ئەگەر نا دیاردەی ئاژەڵێتی لە پێش هەموو کەسێکەوە لە ناو ناخ و بیری یەکێتیە هەڵبجەیەکاندا بە زەقی و بە ڕەقی ژیان دەکات .**

2006-3-20